گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper26

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 2022/10/25
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2022/12/21
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# مێتۆدناسی کوردناسە ڕوسەکان لەسەر ئەدەبی کوردیدا

**محمد احمد حسن**

Mohammed.hasan@su.edu.krd

[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە-شەقلاوە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

لەگەڵ بڵاوبونەوەی کتێبی "ڕۆژهەڵاتناسی"ی ئیدوارد سەعید، جەدەلێکی گەورە لەبارەی پێوەندی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دروست دەبێت. ئەم کتێبە گۆڕینێکی ڕیشەیی لەو تێڕوانین و جیهانبینییەدا دروست دەکات، کە لەبارەی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە هەبو. ئەدەب و فەرهەنگی کوردی، وەکو ئەدەب و فەرهەنگی زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، جێی بایەخی ڕۆژهەڵاتناسەکان دەبێت. بۆ ئەمەیش قوتابخانە و ئاراستەی جیاواز بۆ توێژینەوەی ئەدەبی کوردی هەن. بۆ نمونە قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕوسی، ئەڵمانی، ئینگلزی و فەرەنسی. ئەم توێژینەوەیەی ئێمە (مێتۆدی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکان بۆ توێژینەوەی ئەدەبی کوردی)، هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی مێتۆدی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکان بۆ توێژینەوە لە ئەدەبی کوردی. لەم ڕوانگەیەوە، ڕوە زانستییەکەی توێژینەوەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەردەخەین. بەمەیش دەتوانین گوتاری توێژینەوەکان دەربخەین. ئەو توێژینەوانە سەرچاوەی زانستیی گرینگن بۆ خەملاندنی فەرهەنگی کوردی و بەرینکردنی ئاسۆی ئەدەبی کوردی. ئەمە ئەرکی کوردناسییە لە هەمو ڕویەکی لەم بەرهەمانە بکۆڵێتەوە.

**کلیلەوشە**: مێتۆد، ڕۆژهەڵاتناسی، مێتۆدی مێژویی، ئەدەبی کوردی

## پێشەکی

### هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە:

دوای هاتنی کۆلۆنیالیزم بۆ ڕۆژهەڵات، ئەدەب و کولتور و مێژوی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە دەبێتە جێی بایەخی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان. ئەم وڵاتانە بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوی شارەزاییان لەبارەی ئەم نەتەوانەوە هەبێت، لە ڕێگەی چەندین نێردەی خۆیانەوە، جا چ بە ناوی پیاوی ئایینی، یان بازرگان، یان هەر ناوێکی ترەوە بێت، لێکۆڵینەوەیان لە کۆی بوارەکانی ئەم نەتەوانە کرد. ڕوسەکان لەو سەردەم وەک وڵاتێکی کۆلۆنیالیستی لە ڕێگەی نێردەکانی خۆیانەوە توێژینەوەیان لە ئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات کرد، لەناویشیدا ئەدەبی کوردی. بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکەمان بە ناوی (مێتۆدی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکان بۆ توێژینەوە لە ئەدەبی کوردیدا) هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لەو مێتۆدە ڕەخنەییەی ئەوان، کە بۆ توێژینەوە لە ئەدەبی کوردی پەیڕەویان لێ کردوە.

### گرنگیی توێژینەوە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ڕوی هونەری و مێتۆدیانەی ئەو توێژینەوانە دەربخات، کە چۆن ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان بەشێوەیەکی مێتۆدیانە و زانستیانە توێژینەوەیان لە ئەدەبی کوردی کردوە، هەرچەندە توێژینەوەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەنجام دراون.

### کێشەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیدا دەمانەوێ وەڵامی چەند پرسیارێک بدەینەوە: ئایا مێتۆدی توێژینەوەی ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە بۆ ئەدەبی کوردی چیبوە؟ لە ڕوی زانستییەوە بایەخی مێتۆدی توێژینەوەکان چین؟ ئەم توێژینەوانە بۆ مێژوی ئەدەبی کوردی چ بایەخێکیان هەیە؟

### سنوری توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان بەرهەمی چەند ڕۆژهەڵاتناسێکی ڕوس دەگرێتەوە، هەندێکیان توێژەر و مامۆستا بونە لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕوسیا.

### مێتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا مێتۆدی ڕەخنەی ڕەخنەمان هەڵبژاردوە، چونکە بە بڕوای ئێمە ڕەخنە بریتییە لە توێژینەوەی دەق، ئەم توێژینەوەیە ڕەخنەیە لە ڕەخنەی (توێژینەوەی) ڕۆژهەڵاتناسەکان.

### پێکهاتەی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان لە دو بەشی سەرەکیی پێکهاتوە. بەشی یەکەم بە ناوی بنەڕەت و مێژوی ڕۆژهەڵاتناسی، لە سێ تەوەرە پێکهاتوە. تەوەرەی یەکەم ڕۆژهەڵاتناسی چییە؟ هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی زاراوە و چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی. تەوەرەی دوەم بەناوی مێژو و گەشەی ڕۆژهەڵاتناسییە، تێیدا مێژوی پەیدابونی

ڕۆژهەڵاتناسیمان لێکداوەتەوە. ئەم بەشە بەشێکی تیۆرییە. هەرچی بەشی دوەمە، بەناوی مێتۆدەی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکانە. لە دو تەوەرە پێکهاتوە. تەوەرەی یەکەم دەستنیشانکردنی مێتۆدەکانی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکانە، تەورەی دوەمیش بایەخی زانستیی ئەو مێتۆدانەیە. ئەم بەشە پراکتیکییە، نمونەی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی وەکو: ئەبکارۆڤیچ ئوربیلی، ئی.ئا.سمیرنۆڤا، زاریێ ئۆسب، ئی.یی.ڤاسیلییڤا، م.ب.ڕۆدینکۆ، ئەلیکساندەر ژابا. لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان لە چەند خاڵێکدا دیاریکراوە، لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان بەگوێرەی سێستەمی هارڤارد.

## بەشی یەکەم: بنەڕەت و مێژوی ڕۆژهەڵاتناسی

### یەکەم: ڕۆژهەڵاتناسی چییە؟

ئەگەر بۆ مێژو بگەڕێینەوە، ئەوا بیرۆکەی جیاوازی جوگرافی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەلایەن مێژونوس و توێژەرانی بواری ڕۆشنبیریی و شارستانییەتەکان شتێکی ڕون و ئاشکرایە، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ چین و هیند و ڕوسیا و ژاپۆن بە ڕۆژهەڵات دادەنرێت و ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا بە ڕۆژئاوا دادەنرێت. بەڵام جیاوازییەکە لەوە قوڵترە، بەتایبەت لە ڕوی شارستانییەت و ڕۆشنبیرییەوە بە کۆی دیاردە سیاسی، ئابوری، کولتوری، فیکری و کۆمەڵایەتییەوە. بۆیەیش وا باوە ڕۆژئاوا بە سێنتەری عەقڵانییەت و گەشەسەندن و ڕۆژهەڵاتیش بە سێنتەری ڕۆحانییەت دانراوە. ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێ کاری لەبارەوە بکەین، ئەو تێڕوانینە فیکری و ئایدیۆلۆجییەیە، کە لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بەرانبەر ڕۆژهەڵات دروست بوە. هەمان ئەو بۆچونەی "ئیدوارد سەعید"ە، کە دەڵێت: ڕۆژهەڵاتناسی شێوازێکە لە بیرکردنەوە، کە جیاوازییەکی بوناسانە و مەعریفیانە لە نێوان ڕۆژهەڵات و زۆربەی جاران ڕۆژئاوا دەکات. (سعید: ٢٠٠٥: ٣٨) ڕۆژهەڵاتناسی هێندەی بیرکردنەوە و جیهانبینییە ئەوەندە جیاوازی جوگرافی نییە.

زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسی Orientalism لە دو بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم Orient بە واتای ڕۆژهەڵات دێت، هاوواتایە لەگەڵ زاراوەی East، کە پتر دەلالەتێکی جوگرافیانەی هەیە بۆ دیاریکردنی ئاراستە بەکاردێت. وەک ئەوەی دەڵێین ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی، یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەرچەندە پێشتر، کە دەگوترا ئۆرێنتاڵ مەبەست لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و ئەوروپا بوە، بەڵام دواتر ئەم زاراوەیە ڕەهەندێکی فیکری و ئایدیۆلۆجی وەردەگرێت. کاتێک دەڵێن ئۆرێنتالیزم Orientalism بۆ ڕۆژهەڵاتناسی بەکاردێت و ئەو کەسەیشی ئەم کارە دەکات، پێیدەڵێت: ئۆرێنتالیست Orientalist. ((بنچینەی وشەی ڕۆژهەڵات ئۆرێنر Orient لە وشەی ئۆرێنز Oriensی لاتینییەوە وەرگیراوە، بە مانای ڕۆژهەڵاتن و ناوچەی بەرزبونەوەی ڕۆژ دێت و ئەو شوێنەی لە ڕوی جوگرافییەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ڕۆژئاوایە، یاخود ناوچەی ڕۆژهەڵاتنی جیهانە.)) (مارف: ٢٠١٩) وەکو گوتمان دواتر ئەم زاراوەیە ڕەهەندێکی فیکری وەردەگرێت، واتە دەبێتە چەمکێکی سیاسی،

سەربازی و کولتوری بەرانبەر ڕۆژهەڵات. لە فەرهەنگی لا ڕۆبێرت Le Robertدا هاتوە: ڕۆژهەڵات، ئەو ناوچەیەیە، کە ڕۆژی لێ هەڵدێت، ڕۆژهەڵاتی، کەسێک خەڵکی ڕۆژهەڵات بێت. ڕۆژهەڵاتناس، وەکو ناو لەساڵی ١٧٩٩دا بەکارهاتوە، بۆ ئەو کەسانەی لە زمان و شارستانییەتی ڕۆژهەڵات شارەزان. ڕۆژهەڵاتناسیش بۆ زانستیی شتەکانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٨٤٠دا بەکارهاتوە. (Le Robert: 1992 :1382)

بۆ یەکەم جار زاراوەی ڕۆژهەڵاتناس Orientalist لە ساڵی ١٧٦٦ لە ئینسکۆلۆپیدیایەک بۆ ناونانی قەشە پۆلینۆس بەکارهات، هەرچەندە هەندێکی دیکە لە توێژەران بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەکە بۆ یەکەم جار بۆ ساڵی ١٧٧٩ و ١٧٨٠ لە ئینگلتەرا دەگەڕێننەوە. لەبارەی چەمکی ڕۆژهەڵاتناسییەوە پێناسەگەلی زۆرمان هەن. دەتوانین بڵێین توێژینەوەگەلێکە، توێژەرانی ڕۆژئاوا لەبارەی، ئایین، دابونەریت، ڕۆشنبیریی و کولتوری میللەتانی ڕۆژهەڵاتەوە ئەنجامی دەدەن. کەواتە ڕۆژهەڵاتناسی، قوتابخانەیەکی فیکرییە خاوەن تایبەتمەندێتی و پاڵنەر و مەبەستی تایبەت بە خۆیەتی. بێگومان ئەمەیش لە ئەنجامی بەریەککەوتنی هەردو بەرەی جیهانە. دواتر ئەمە دەبێت بە زانستێک و سەرەتا گرینگی بە پێوەندییە مرۆیی و ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژهەڵات دەدا، ئەمەیش بە ئامانجی دۆزینەوەی چۆنیەتی گەشەکردنی فیکری مرۆڤ و ئاشکراکردنی ئەو ڕایەڵەی ئەم دو بەرەیەی جیهان بە یەکدییەوە ئاشکرا بکات. بۆ پتر ڕوانین لەم تێڕوانینە دەبێت لە تێڕوانین و جیهانبینی دنیای ڕۆژئاوا بۆ شارستانییەت و تاکی ڕۆژهەڵاتییەوە سەیری بکەین. کەرەسەیەکە ڕۆژئاواییەکان بەدرێژایی مێژو بۆ تێڕوانین لە شارستانییەتی ڕۆژهەڵات بەکاریانهێناوە. هەرچەندە لە کۆندا ئامانجی سیاسی، ئایینی و ڕۆشنبیریی لە پشت ئەم توێژینەوانەدا هەبوە.

"ئیدوارد سەعید" یەکێکە لەو بیرمەندانەی تێڕوانین و جیهانبینی بەرینی لەبارەی ڕۆهەڵاتناسییەوە هەیە. ئەو کتێبێک بە ناوی (ڕۆژهەڵاتناسی) دەنوسێت. لەم کتێبەدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕۆژهەڵاتە دەدات کە بە دیدی ئەوروپییەکان دروست بوە، فاکتەرەکانی پشت دروستبونی ئەم تێڕوانینانە بۆ ڕۆژهەڵات ڕون دەکاتەوە. "سەعید" لە چوارچێوەی تێزەکانیدا جینالۆجیای ڕۆژهەڵاتناسی لەناو ڕۆشنبیریی ڕۆژئاواییدا ئاشکرا دەکات. لەوێوە هەوڵی توێژینەوە لە بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی دەدات، دەیەوێ ئەو پرۆژە ئەوروپییە بۆ ڕۆژهەڵات ئاشکرا بکات. هاوکات کەشفکردنی بنیادی ناوەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی، ئەویش لەڕێی ڕاڤەکردن و ڕەخنەگرتن لەو گوتارە. ئەم کتێبە دەبێتە شۆڕشێک لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیدا، ئەویش بەهۆی پێشکێشکردن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی تێڕوانینەکان بۆ ڕۆژهەڵات. ئەو توێژینەوە لەو تێزانە دەکات کە بۆ ڕۆژهەڵات هەن و ڕەخنەیان دەکات. بۆیەش دەڵێت: "هەوڵ دەدەم ئەوەش بخەمەڕو کە کولتوری ئەوروپی بە خۆجیاکردنەوە لە ڕۆژهەڵات کە وەک فۆرمێک لە خۆی وەریگرتبو، بەڵام فۆرمێک لە خوارەوەی خۆی و وەک وەرگرتنێکی زۆرەملێ، کولتوری خۆی بەهێز کردوە و ناسنامەی خۆی سازگارتر کردوە". (سەعید: ٢٠١٨: ٣١) کەواتە:

ئەوەی ئەم بیرمەندە دەیەوێ قسەی لەبارەوە بکات، ئەو ڕۆژهەڵاتە داهێنراوەیە لەلایەن ڕۆژئاواوە. ئەو دەیەوێ پێمان بڵێت ئەو ڕۆژهەڵاتەی ئەوروپییەکان باسی دەکەن، ساختەیە، تەنێ بۆ بەرژەوەندی و بەهێزکردنی خۆیان دروستیان کردوە، ئەو ڕۆژهەڵاتە جیاوازە لە ڕۆژهەڵاتە ئۆرجینال و واقیعییەکە.

"ئیدوارد" لەم کتێبەدا سەرەتا دێت مەدلولەکانی زاراوەی ڕۆژهەڵات ڕاڤە دەکات کە چەقی پرۆسێسەی ڕۆژهەڵاتناسییە، هاوکات جێی بایەخی توێژینەوەکانی ڕۆژئاوایە لەبارەی ئەم چەمکەوە.

بە بڕوای ئەو زاراوەی ڕۆژهەڵات مەدلولی سیاسی، جوگرافی و مێژویی هەیە. ئەمە لە سەرەتادا لە نێوان یۆنانی کۆن و فارسەکاندا بوە. لە سەردەمی نوێشدا لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتانی ئەوروپیدا بوە. کەواتە گرینگیدانی ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی لە ناکاو نەهاتوەتەدی، بەڵکو ئامانجی تایبەتی لە پشتەوە بوە. لێرەوە بە بڕوای ئەم فەیلەسوفە هۆکاری مێژویی دەگۆڕێ بۆ هۆکاری دەرونی، ئایینی و پاشان بۆ هۆکاری ئابوری و ئامانجی سیاسی گۆڕدرا. ئەوەش ڕون دەکاتەوە کە ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆڵێکی کاریگەر لە توێژینەوەی ڕۆشنبیری، جوگرافی، مرۆڤایەتی و مێژوییدا دەبینێت. بۆیەش مێژوی داگیرکاری و هەیمەنەی سیاسی لەسەر ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژهەڵاتناسەکان دەگەڕێتەوە کە زانیاری زۆریان لەسەر ڕۆژهەڵات هەبوە، ڕۆشنبیری و شارستانێتی ئەویان بە تەواوەتی خوێندوەتەوە. پنتێکی زۆر گرینگ لەم توێژینەوەیەی ئیدواردا هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەو ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕەهەندی مەعریفییەوە ڕەتناکاتەوە، بەڵکو دژ بە ڕەهەندە داگیرکارییەکەیەتی کە پێوەندی بە هەیمەنەی داگیرکارەوە هەیە. نمونەی قسەکانی (کرۆمەر) لەبارەی ڕۆژهەڵات دەهێنێتەوە. ((کرۆمەر پاشان وەسفی عەرەب و ڕۆژهەڵاتییەکان وەک کەسانی ساویلکە دەکات، دور لە هەمو وزە و دەستپێشخەرییەک، زۆر مەیلیان بە لای ستایش و مەرایی و پیلان و فێڵ و شەڕانگێزیدایە بەرانبەر بە گیانەوەران، ڕۆژهەڵاتییەکان ناتوانن لەسەر شەقام و شۆستە بڕۆن)). (سەعید: ٢٠١٨: ل٩٣) ئەو دژ بەم تێزیە، چونکە ئەوروپا دەیەوێ هەمیشە حوکمی ڕۆژهەڵات بکا. هاوکات ئەمە تێڕوانینی ئەوانە بەرانبەر ئەو جوگرافیایە.

ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسوفە بکەین، بەتایبەت کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی)، ئەوا چەمکەکە لە چەند چەمکێکی بنەڕەتیدا خۆی دەبینێتەوە. یەکەمیان چەمکە ئەکادیمییەکەیە، توێژینەوە و چارەسەر بۆ ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی تایبەتمەندی و خاسیەتە گشتییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەبێ. بە بڕوای ئەو ڕاستە ڕۆژهەڵاتناسی وەک خۆی نەماوەتەوە، بەڵام هێشتا لەناو زانکۆکان درێژە بە خۆی دەدات، ئەویش لەڕێی لێکۆڵینەوە لە بزوتنەوە و تێزەکان لەبارەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتییەکان. چەمکی دوەم ڕۆژهەڵاتناسی وەکو چەمکێکی فیکری دەبینێت، کە بە خاسیەتی بونی و فیکری جودا دەکرێتەوە. ئەم دو چەمکە ئاڵوگۆڕی جێگیر و ڕێکخراو لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش بە ئامانجی زاڵبون بەسەر ڕۆژهەڵات و سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیکەری ڕۆژهەڵات.

بۆیەش ڕۆژهەڵاتناسی گوتارێکی ڕێکخراوە. لێرەوەیە هیچ پێوەندییەک لە نێوان ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵات بە واتا واقیعی و ڕاستییەکەیدا نییە. بابەتی توێژینەوە لێرەدا هوشیاریی ڕۆژئاوایە، نەک هوشیاریی ڕۆژهەڵاتی. لێرەوە ڕۆژهەڵاتناسی دەبێتە ئاوێنەی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا و ئارەزوی ئیمپریالییەت. ئەوەی لەم کتێبەدا بۆمان ڕون دەبێتەوە، ئەوەیە ئەم فەیلەسوفە دەیەوێ ئەو ڕۆژهەڵاتە داهێنراوەمان پیشان بدات، هەمو ڕەهەند و چوارچێوەکانیمان بۆ دەستنیشان دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەو ماسکە لادەبات کە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵاتی کێشاوە. دیسان دێت پێمان دەڵێت، دەبێ ڕۆژهەڵات بناسین، سەرلەنوێ توێژینەوەی لەبارەوە بکەین بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ڕاستەقینە بە ڕۆژئاوا پیشان بدەین.

## دوەم: مێژو و گەشەی ڕۆژهەڵاتناسی

بەردەوام بۆچونگەلی جیاواز لەبارەی سەرهەڵدان و مێژوی ڕۆژهەڵاتناسییەوە هەیە. هەندێک لە توێژەران بۆ سەرەتاکانی ئیسلام دەیگەڕێننەوە. هەندێکی دیکە بۆ سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکان دەیگەڕێننەوە کاتێک سوپای ئیسلام و مەسیحییەکان لەگەڵ یەکدی دەجەنگن. هەرچەندە پێوەندی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات زۆر لەوە کۆنترە، تەنانەت توێژینەوە لەبارەی کولتور و فەرهەنگ و زمانی یەکدییەوە مێژویەکی کۆنتری هەیە. ئەوە توێژەرانی عەرەبن ململانێیەکە تەنیا بە ڕوبەڕوبونەوەی ئیسلام دەزانن. واتە ئەوان دەیانەوێ بابەتەکە بەو ئاراستەیەدا ببەن، ڕۆژئاوا بۆ لێدانی ئیسلام هەر لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکانەوە دەهەوڵدا بوە توێژینەوە لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە بکات. هەرچەندە دواتر تێزەکەی "ئیدوارد سەعید" ئەوەی سەلماند، کە ئەو چەمکەی بە ناوی ڕۆژهەڵات لە دیدی ڕۆژئاواییەکانەوە هەیە، داهێندراوی ڕۆژئاوایە، دەنا ڕۆژهەڵاتی واقیعی شتێکی دیکە. ئەم تێزە بنەمایەکی فیکری و فەلسەفی هەیە، نەک ئەوەی ململانێی نێوان دو ئایین بێت.

بۆچونگەلی زۆر هەن لەبارەی سەرەتای پەیدابونی ڕۆژهەڵاتناسی، بۆ نمونە دیاردەی کۆچکردنی نەتەوە و هۆزەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکەی دیکە، یان شەڕێ نێوان شارستانییەتە گەورەکان بۆ نمونە شەڕێ نێوان یۆنانییە کۆنەکان و فارسەکان. بۆچون هەن، کە لەوێوە سەرەتاکانی ڕۆژهەڵاتناسی دەردەکەوێت، چونکە ئەم دو بەرەیەی جیهان بە هەر هۆکارێک بێت هەوڵیانداوە شارەزایی لەبارەی یەکدییەوە پەیدا بکەن. دەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێت ئاڵوگۆڕی نێوان شارستانییەتەکان و کولتورەکان مێژوییەکی زۆر کۆنی هەیە و بۆ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

زۆربەی توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن، کە ڕۆژهەڵاتناسی بەشێوەیەکی ڕەسمی بۆ سەدەی چواردەی زایینی دەگەڕێتەوە. بەتایبەت بۆ ((بڕیاری کۆبونەوەی ڤیەنناى کەنیسەیی ساڵی ١٣١٢، کە کۆمەڵێک کورسی خوێندن لەبارەی زمانی عیبری، یۆنانی، عەرەبی و کلدانی لە زانکۆکانی پاریس، ئۆکسفۆرد، پۆلۆنیا و سلامنکا تەرخان دەکرێت. خاوەنی ئەم بڕیارەیش ڕیمۆند لول بو، کە هانی فێربونی زمانی عەرەبی دەدا، چونکە باشترین هۆکارە

بۆ ڕاکێشانی عەرەب بۆ ناو مەسیحییەت.)) (زەقوق: ٢٠٠٨: ٣٠٤) هەر لە سەروبەندی شەڕی خاچدروشمان و دواتردا، سەرەتای ڕۆژهەڵاتناسان دەبێت، جا چ پیاوانی ئایینی لە قەشە و موژدەدەران، چ پیاوانی دەوڵەت، بێگومان ئەمەیش دوای ئەوەی ڕۆژئاوا تەواو پێشکەوت و پێویستی بە دۆزینەوەی خاکی دیکە بو. ئەو کاتانە کاتی پەرەپێدان و دروستبونی زانکۆ و پەیمانگەکان بو. تەنانەت لەو سەردەم چەندین قوتابی لە ڕۆژهەڵاتەوە دەچن لەو زانکۆیانە دەخوێنن. بۆ نمونە ((هەوەڵین ئوجرومیەی عەرەبی لە غەرناتە لە ساڵی ١٥٠٥ پێدرۆ دی ئەلکالا دەردەچێت. بەڵام یەکەم کتێب بە پیتی عەرەبی کتێبی سەلات ساوی بو لە ساڵی ١٥١٤ لە ڤینیسیا.)) (الحاج: ٢٠٠٣: ٥١) نابێ کەوتنی غەرناتە لە لایەن ئیسپانییەکانەوە لەبیربکەین، ئەمان کتێبخانە و دەستنوسگەلێکی زۆریان کەوتە بەردەست، ئەمەیش ئاسۆ و دەرگەیەکی گەورەی بە ڕوی ڕۆژهەڵاتناساندا کردەوە. غەرناتە لە ساڵی ١٤٩٢ دەکەوێت. ڕۆژهەڵاتناسان دەستدەکەن توێژینەوە لەو دەستنوس و کتێبانە، ئەم توێژینەوانە مەعریفە و زانیاری ڕۆژهەڵاتناسان بەرین دەکات، شارەزایان دەکات لە دابونەریت و نەتەوە و زمان و کولتوریان. لە لایەکی دیکە پنتی لاواز و بەهێزییان دەبیننەوە.

لە دوای ئەمەوە قۆناغی داگیرکاری و کۆلۆنیالی دەست پێدەکات، هەرچەندە زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان ئەمە ڕەتدەکەنەوە. بەڵام بەشێک لە ڕاستی تێدایە. بۆ نمونە ناردنی مێجەرسۆن بۆ شاری سلێمانی، ناردنی ئەلیکساندەر ژابا بۆ باکوری کوردستان و هاتنی مستەر ڕیچ بە کوردستاندا. هەرچەندە ئەمە بۆچونێکی گردەبڕ نییە و ڕێژەییە. بۆ نمونە توێژەر "ماری شمیل" هەروەک لە کتێبەکەی "ئیدوارد سەعید"یشدا هاتوە دژ بەم بۆچونە دەوەستێتەوە. ئەو دەڵێت: ((هەڵەیەکی گەورەیە هەمو ڕۆژهەڵاتناسان بخەینە یەک بەرەوە و هەمویان تاوانبار بکەین بە هۆکاری ئەوەی هەندێک لە وڵاتانی داگیرکەر ڕۆژهەڵاتناسییان بۆ مەبەستی سەربازی و سیاسی و داگیرکاری بەکارهێناوە.)) (الدغستانی: ١٩٩٠: ٢٢١) بەڵام ئەم بۆچونە ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕۆژئاوا تەماحکار نەبێت بەرانبەر ڕۆژهەڵات، بەتایبەت دوای ئەوەی پیشەسازی لە ڕۆژئاوا پێش دەکەوێت، وەکو پێشتر باسمان کرد زانکۆ و ناوەندی توێژینەوەی گەورە دادەمەزرێن. بۆیەیش سەدەی شانزە، هەنگاوی گەورە لەو ڕوەوە هاوێژراون. بۆ نمونە فێردیناند دی کاردینالّ و دۆق تۆسکانیا لە ساڵی ١٥٨٦، کە وەکو موژدەدەر کاریان دەکرد، چاپخانەیەک دادەمەزرێنن و کتێبە پزیشکی و فەلسەفییەکانی ئیبن سینا چاپ دەکەن. (سمایلۆفتش: ١٩٨٠: ٧٨)

لە کۆتایی سەدەی هەژدە، قۆناغێکی نوێی ڕۆژهەڵاتناسی دەست پێدەکات، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەوروپاییەکان هەوڵی ڕێکخستنەوەی بواری ڕۆژهەڵاتناسیان دا. بۆیەیش ((لە ساڵی ١٧٨٣ کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسیان بەست.)) (عبدالکریم: ١٩٩٢: ٢٤) لەو کۆنگرەیەدا ئامانج و چالاکییە سیاسی و فیکری و زانستییەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕێکخرایەوە، بەمەیش زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان وەکو فەرمانبەر و کارمەند لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکانیان

دەست بەکاربون. هاوکات لەگەڵ دەستبەکاربونیان میتۆدی زانستیانەیان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی وڵاتەکانیان پێڕەو کردوە، تاکو گەیشتە ئەوەی زانکۆ و پەیمانگەی تایبەت بەو بوارە دامەزرێنن، وەکو پێشتر باسمان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین گۆڤار و کتێبی تایبەت بەو بوارە دەرچون، کە تێیدا توێژینەوەیان لەبارەی کۆی بوارەکانی ڕۆژهەڵات تیدا بڵاوکرایەوە، بەتایبەت ئەو دەستنوسانەی دەدۆزرانەوە و لە ڕێی پارەوە لە خەڵکیان دەکڕیەوە. بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ژمارەی ئەو دەستنوسانە گەیشتە دوسەت و پەنجا هەزار دەستنوس. ئیدی بەرە بەرە بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕێکخستنێکی تەواو و بەرنامەڕێژی بۆ کرا لە لایەن وڵاتانەوە بودجەی تایبەت بەو بوارە دانرا.

لە دوای جەنگی دوەمی جیهانییەوە، کۆمەڵێک هەوڵ لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە درا بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لەژێر ناونیشانی موژدەر و هەوڵە سیاسییەکە ڕزگار بکەن. ئەوان دە هەوڵدا بون ڕۆژهەڵاتناسی بکەنە بوارێک بۆ توێژینەوەی زانستی، بەمەیش لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسی زۆربەی زانکۆکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەستکرا بە توێژینەوە لە هەزاران دەستنوس، بەمەیش وڵاتەکان هەمو بوارێکی کارگێڕی و دارایی و ئاییان خستە خزمەت ئەو بەشە زانستیانە.

## سێیەم: ڕۆژهەڵاتناسیی ڕوسیا

دەمانەوێ لەم تەوەرەدا کورتەیەک لەبارەی ڕۆژهەڵاتناسیی ڕوسیا بەرانبەر ڕۆژهەڵات و لەناو ڕۆژهەڵاتیشدا بەرانبەر کورد باسی بکەین. بەتایبەت لەو کاتەوەی یەکێتیی سۆڤیەت ١٩٢٢- ١٩٩١ چەندین وڵاتی وەکو ئازەربێجان، ئۆزباکستان، کازاخستان و تورکمانستان و یەریڤانیان لەژێر دەسەڵاتدا بو. بەڵام پێوەندی نێوان ڕوسیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵات بۆ زۆر کۆنتر لەوە دەگەڕێتەوە، بەتایبەت بۆ سەدەی حەڤدە. کاتێک ((بوتروسی یەکەم قەیسەری ڕوسیا لە ساڵی ١٧١٦ مەرسومێکی پاشایەتی دەردەکات، کە پێنج گەنج بۆ وڵاتی فارس بنێرێت، بۆ ئەوەی زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی فێربن.)) (العطاوي: ٢٠٠٢: ٥٩) ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕوسیا گرینگی زۆری بە کولتوری وڵاتانی ئیسلامی بە کۆی بوارەکانییەوە داوە. بۆ نمونە لە ساڵی ١٧١٦ قورئان لە لایەن پۆسنیکۆڤەوە لە زمانی فرەنسییەوە بۆ سەر زمانی ڕوسی وەردەگێڕدرێت. پاشان ڤریۆڤکین لە ساڵی ١٧٩٠ وەرگێڕانێکی دیکەی بۆ دەکات. ئەم وەرگێڕانانە کاریگەری گەورە لەسەر بیرکردنەوەی شاعیری بەنێو و دەنگی ڕوس پۆشکین دادەنێن و ئیلهامبەخشی شیعرەکانی دەبن.

ئەمەی سەرەوە سەرەتای بایەخدان بو بە شارستانیەتی ئیسلام و زمان و کولتوری نەتەوە موسڵمانەکان. توێژەرێکی وەکو ئەلغەممەری دەڵێت: ((هەوڵەکانی لە دایکبونی ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕوسیا بۆ چارەگی یەکەمی سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە، کاتێک لە شاری سانبترسبورگ لە ساڵی ١٧٢٤ ئەکادیمیایەکی زانستی، سەرپەرشتی دەرچونی کۆمەڵێک بڵاوکراوەی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی دەکرد. هاوکات لە سەردەمی قەیسەر

یەکاترینای دوەم ١٧٦٢– ١٧٩٦ هەوڵدرا بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی لە وڵاتە موسڵمانەکانی وەکو قازان.)) (الغمری: ١٩٩١: ٢٩) ساڵی ١٨٠٤ مێژوی دامەزراندن و کردنەوەی چەندین ناوەندن لە زانکۆکانی ڕوسیا، لەو ساڵەوە زانکۆکان بەرنامەی ئەوەیان دانا ڕێ بە خوێندنی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بدرێت، تەنانەت کورسی خوێندنی باڵایان لەبارەی ڕۆژهەڵاتناسییەوە کردەوە. بۆ نمونە لە لینینگراد (سانبترسبورگ) ناوەندێک بۆ توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی کرایەوە.

سەبارەت بە کوردستان هەر لە سەدەی نۆزدەوە داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا بیریان لەوە کردەوە، گرینگی بە هەمو لایەنەکانی کورد بدەن. توێژینەوەکانیان سەرەتا لە ناوچەی قەفقاس بوە جێی بایەخ و سەرنجی ڕوسەکان، بەتایبەت دوای جەنگی نێوان عوسمانییەکان و ڕوسەکان، پاشان لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا چەندین ناوەندی توێژینەوەی کوردناسی کرانەوە. توێژەر "ئەسعەد ڕەشیدی" لە توێژینەوەیەک بە ناوی (مێژوی کورد و کوردستان لە توێژینەوەی زانایانی ڕوسدا)، ئیشکردنی ڕوسەکان لەبارەی کوردەوە لە مێژودا دەکاتە سێ قۆناغ.

قۆناغی یەکەم لە سەردەمی ڕوسیای قەیسەرەوە تا هاتنەسەر دەسەڵاتی بەلشەفییەکان دەست پێدەکات. ڕوسیا لە ڕوانگەیەکی جیۆپۆلەتیکیانە لە کوردستان دەڕوانێت، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە دەستپێدەکات تا قۆناغی هاتنی بەلشەفییەکان. لەو قۆناغەدا نوسین و توێژینەوەی زانایانی وەکو: ی.ئا.ئەربیلی، پ.ی.لیرخ، ن.ی.مار، بەتایبەت نیکیتین و مینۆرسکی وەکو دو کەسایەتی زانستی و کەلتوری دەوری بەرچاویان لە ناسین و لێکۆڵینەوەی مێژوی کورد و کوردستاندا هەیە. (ئەرشەدی: ٢٠١٩) لەو کاتەدا زانایانی ڕوس هەوڵی دەستخستنی دەستنوسە کوردییەکانیان دەدا. بۆ نمونە ژەنەراڵ سوختلین لە ساڵی ١٨٢٨دا کتێبخانەی شاری ئەردەبیلی وەکو دەستکەوتی شەڕ گواستەوە ڕوسیا. لەو کتێبخانەیە، کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی تێدا بو، بە زوترین کات نێردرا بۆ پترسبورگ و وەکو دەستنوسێک توێژینەوەی لەبارەوە کرا. هەرچی قۆناغی دوەمە، ((هەنگاوی دوەم، دوای بە دەسەڵاتگەیشتنی بەلشەفییەکان لە ساڵی ١٩١٧ تا کۆتایی نیوەی دوەمی دەیەی ٥٠ بەردەوام دەبێ و لە تێکستی نوسەرانی سۆڤیەتدا دەردەکەوێت. وەکو؛ گ. ئەستاخۆف(Г.Астахов)، م.پوگاریۆلف (М.Погорелов) و چەند کەسێکی دیکە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغەی زانستی مێژویی ڕوسیای سۆڤیەت و پاشان یەکێتی سۆڤیەت، ڕوانین و ئاراستەی ئایدۆلۆژییە، کە لە سەر بنەمای ئامانج و ئارمانەکانی وەک شۆڕشی جیهانی، سەرکەوتنی سۆسیالیزمی زانستی و دروشمە پێوەندیدارەکانی ئەو قۆناغە مێژوییە ڕاگیرابو و زیاتر شوێنکەوتوی ڕەهەندە بەهێزە هەستیار و پۆپۆلیستییەکان بو تاوەکو توێژینەوە بنیاتی و زانستییەکان.)) (ئەرشەدی: ٢٠١٩: سایتی پەیسەر) لەم قۆناغە بە شێوەیەکی زانستیانە

توێژینەوە لەبارەی مێژو و کولتوری کوردی کراوە، هاوکات ئەم قۆناغە ڕۆڵی دەبێت لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا بەرانبەر کورد بەتایبەتی و ڕۆژهەڵات بە گشتی.

هەرچی قۆناغی سێیەمە، ((لە دەیەی شەستی سەدەی بیستەم و دارمانی سیستەمی کۆلۆنیالیستییەوە دەست پێدەکات و تائیستا بەردەوام دەبێ. لەم قۆناغەدا نوسین و توێژینەوەی گرنگ و پربەها لە لایەن توێژەران و مێژوزانانی ڕوس لە بارەی کورد و کوردستان بڵاودەبنەوە. هەندێک لەوانە بریتین لە: لازاریف (М.С.Лазарев 1930–2010)، ژیگالینا (О. И. Жигалина)، حەسرەتیان (Гасратян М.А)، مگۆی ( Ш. Х. Мгои)، ج جەلیلی (Джалил. Д ) ش ئەشیری. ئەمانە کاریگەری بەرچاویان هەبوە لە سەر دەوڵەمەندکردن و پەرەسەندنی زانستی کوردۆلۆژی. بەتایبەت کە سنورە ئایدۆلۆژی و حزبیی و حکومییەکانی یەکێتی سۆڤیەتیان لە سەر نامێنێ.)) (ئەرشەدی: ٢٠١٩: سایتی پەیسەر) لەم قۆناغەدا توێژینەوەی پراکتیکیان لەبارەی کوردەوە کرد. تەنانەت کورسی خوێندنیان بۆ چەندین قوتابی کورد کردەوە. بۆ نمونە کەسانی وەکو: د.مارف خەزنەدار، د.عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ، د.کاوس قەفتان، د.ئەورەحمانی حاجی مارف و د.شوکریە ڕەسوڵ و... تاد.

## بەشی دوەم: ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکان و ئەدەبی کوردی

### یەکەم: میتۆدی مێژویی

ئەگەر سەیری مێژوی ڕەخنە بە واتا زانستییەکەی بکەین، هەوەڵین میتۆدێک تیۆرسازان دایانهێنا بۆ توێژینەوەی دەقی ئەدەبی، میتۆدی مێژویی بو. ئەم میتۆدە دەهەوڵدا دەبێت بۆ ئەوەی بچێتە قوڵایی دیاردە ئەدەبییەکان لەناو قۆناغەکانی مێژو. هەر دیاردەیەکی ئەدەبی هەبێت، ئەم میتۆدە لە چوارچێوەی مێژودا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەیبەستێتەوە بە قۆناغەکانی سەردەمی خۆیەوە. ((میتۆدی مێژویی گەڕانەوەیە بۆ ڕابردو، ئەویش بە هۆی بەڵگە و سەلماندنەوە، بە ئامانجی دەرخستنی ڕاستی و لێکدانەوەی دەلالەتەکانی ناو دەقی ئەدەبی، تاکو بە کۆمەڵی ئەنجامی بەڵگەدار و زانستی دەگەین.)) (مەنتک: ٢٠١٨: ٦٠) ئەم میتۆدە بۆ ئەوەی دەقێک لێکبداتەوە بۆ ناو مێژو دەگەڕێتەوە.

ئاشکرایە زۆربەی ئەو کەرەسانەی لەبن دەستی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکان بو، دەستنوس بون. ئەو دەستنوسانە پێویستییان بە ساغکردنەوە هەبوە. بۆیەیش هێندێک لەوانە بە کۆمەکی کەسێکی دیکە، یان کوردێک هاتون ئەم کارەیان کردوە. بۆ نمونە "ئەلکساندەر ژابا" بە کۆمەکی "مەلا مەحمودی بایەزیدی" دەستنوسەکانی ساغکردونەتەوە و توێژینەوەی لەبارەوە کردون. "ڕۆدینکۆ" و "لازاریف" خۆیان فێری زمانی کوردی کردوە بۆ ئەوەی وردتر لەو دەستنوسانە توێژینەوە بکەن. بە بڕوای ئێمە پێش ئەوەی کورد خۆی بە شێوەیەکی میتۆدیانە، زانستیانە توێژینەوە لەبارەی دەق و بەرهەمی خۆی بکات، ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەم کارەیان کردوە. بۆیەیش

دەبینین تا درەنگانێک توێژەرانی کورد درکیان بە توێژینەوەی بەرهەمی ئەدەبی کوردی نەکردوە. کەسانێکی وەکو "د.مارف خەزنەدار"، "عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ"، "ئەورەحمانی حاجی مارف" و چەندین توێژەری دیکە، لە ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە فێربون بە شێوەیەکی مێتۆدیانە توێژینەوە بکەن. بۆیەیش لێرەدا ئاماژە بە هەوڵ و کۆششی چەند ڕۆژهەڵاتناسێک دەکەین بۆ پاراستنی بەرهەمی ڕۆشنبیریی کورد لەگەڵ دیاریکردنی مێتۆدەکانیان لەم کۆششەدا.

"ئەلکساندەر ژابا" (١٨٣٠- ١٨٩٤)، قونسوڵی ڕوسیا لە وڵاتی عوسمانیدا، لە شاری ئەرزڕۆم دەست بە کۆکردنەوەی دەستنوسی کوردی دەکات. ئەم ڕۆژهەڵاتناسە، لەسەر داوای ئەکادیمیای باڵای زانستیی سانت پیترسبورگ لە ڕوسیا و لەسەر داوای ڕۆژهەڵتناسی ئەڵمانی "بێرنهاردت دۆرن"ەوە، دەست بە کۆکردنەوەی دەستنوس لەبارەی زمان و کولتوری کوردییەوە دەکات، بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە لە ئەدەب و زمان و کولتوری کوردی بکۆڵنەوە. ئەویش بە کۆمەکی و هاوکاری چەندین مەلا و فەقێ ئەم کارە دەکات. بەتایبەت "مەلا مەحمودی بایەزیدی". ئاشکرایە "مەلا مەحمود" شارەزاییەکی زۆری لە زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی هەبوە. هەمو ئەمانە کۆمەکی زۆری کردون خزمەت بە ئەدەب و زمانی کوردی لەڕێی ژاباوە بکات. ئیشکردنی "ژابا" هەرچەندە لە کۆکردنەوە و وەرگێڕانی دەستنوسەکان کورت دەکرێتەوە، واتە توێژینەوە نین، تەنیا ئەشیفکردن و وەرگێڕانی دەستنوسەکانن. ئەمەیش کارێکە بەبێ مێتۆد ناکرێت. ئەو هاتوە ئەم نوسینانەی بە یارمەتی "مەلا مەحمود" وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فرەنسی بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتناس "دۆرن" توێژینەوەیان لەبارەوە بکات. ((ئەلکزاندەر ژابا ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی لە بواری ئەدەبیاتی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا هەبو. ئەگەر ژابا نەبوایە، چل و چوار دەستنوسی دانسقەی سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەی نۆزدەهەم لە ئەدەبیاتی کوردیدا بزر دەمانەوە. ژابا بو کە هانی مەلا مەحمودی دا بۆ ئەوەی بە کوردی بنوسێت و خزمەتی ئەدەبیاتی نەتەوەکەی خۆی بکات.)) (پیربال: ٢٠٠٦: ٤٥) ئەوەی جێی سەرنجە "ژابا" شەرحی بۆ هێندێک لە دەستنوسەکان کردوە، یان پێشەکی بۆ نوسیون. لە ڕێی ساغکردنەوەی دەستنوسەکانەوە ئێمەی خوێنەر، یان توێژەر دەتوانین ساڵی نوسینی دەستنوسەکە بزانین، بەمەیش دەتوانین بەڵگەیەک لەناو مێژو بۆ توێژینەوەکە بدۆزینەوە. هەمو ئەم دەستنوسانە ئەرشیفێکی زۆرباش بونە بۆ ڕۆژهەڵاتناسان، کە توێژینەوەی وردیان لەبارەی دەقی ئەدەبی کوردی کردوە. "ژابا" ئەم کەرەسانە لە ڕوی مێژوییەوە پۆلێن دەکات، پێشەکینوسینی ئەم نوسەرە هەوڵێکە بۆ تۆمارکردنی دەستنوسەکان لە ڕوی مێژوییەوە، کە دواتر دەبنە کەرەسەیەکی باش بۆ توێژەرانی دیکە.

"ی.ئوربیلی"یش یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکانە، بەردەوام سەردانی ناوچە کوردنشینەکانی لە باکوری کوردستان و ئەرمینیادا کردوە. کەسێک بوە بە شێوەیەکی مەیدانی سەردانی ناوچەکانی کردوە. ((لە ساڵی ١٩٢٧ ئوربیلی گەشتێکی بە ناوچە کوردییەکانی ئەرمینیادا کرد و توانی تۆماری ژمارەیەک تێکستی فۆلکلۆری

بكات لە ڕیزی پیشەوەش تێكستی چیرۆكی شیعری میللی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی واتە تێكستەكان تاكو ئیستا لە ڕوی بەهای زانستییەوە، پارێزگاریان لێ كراوە. ئوربیلی یەكەم كەس بوە ئاماژەی بە پایەی شاعیر و فەیلسوفی نەمر ئەحمەدی خانی كرد، كە دامەزرێنەری ئەدەبی كلاسیكی كوردی بوە.)) (هوشیار: ٢٠١٥: ١٩٥– ١٩٦) ئەم هەوڵە، بۆ ئەوەیە لەناو مێژووەوە بەڵگەكان كۆبكاتەوە، چونكە ئەم دەستنوسانە لە ڕوی مێژوییەوە، مێژوییەكی دور و درێژیان هەیە. هێندێک لەو تێكستانە لەسەر زاری خەڵک بونە و ئەویش هاتوە تۆماری كردون، بەڵام هەر بە تۆماركردن نەوەستاوە، بەڵكو توێژینەوەیشی لەبارەوە كردون. بەتایبەت دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەرمینیا ژمارەیەک كوردیان ناردە زانكۆی زەحمەتكیشان لە لینینگراد، ئەوا ئوربیلی دەبێتە یەكێک لەو مامۆستایانەی ڕادەسپێردرێت بۆ ئەوەی وانە لەو بەشە بڵێتەوە. ئەویش كەرەسە كۆكراوەكانی كردنە ماددەی وانەكانی. هاوكات دواتریش بو بە سەرپەرشتی چەندین نامەی دوكتۆرا لە بواری كوردناسیدا. مێتۆدی ئیشكردنی ئەم ڕۆژهەڵاتناسەیش دوای كۆكردنەوەی دەستنوسەكان و تۆماركردنیان بەڵگەی مێژوی دەهێنێتەوە بۆ هەریەک لەو دەستنوسانە، لەو ڕێیەوە واتا و دەلالەتەكانی ئەو دەستنوسانە ڕاڤە دەكات.

"م.ب. ڕودینكۆ" یەكێک لە ڕۆژهەڵاتناسە وردەكان، بە شێوەیەكی زانستیانە كاری لەبارەی ئەو دەستنوسانە كردوە، كە "ژابا" و "مەلا مەحمودی بایەزیدی" كۆیان كردونەتەوە. "مارگریتا باریسۆڤا ڕۆدینكۆ" لە ساڵی ١٩٢٦ لە دایكبوە. لە ساڵی ١٩٥٤ داكۆكیی لە نامەی دوكتۆراكەی لەبارەی داستانەكەی ئەحمەدی خانی دەكات. ئەم ڕۆژهەلاتناسە بە شێوەیەک عاشقی توێژینەوە بو لە ئەدەبی كوردی، ((كاتێک لە ئا.ل.ترۆیتسكا دەبیستێت كە لە كتێبخانەی گشتی م.ب.ساڵتیكۆف– شیدرن ئەو كۆمەڵە دەستنوسە كوردییەی لێیە كە ئا.د.ژابای كونسوڵی ڕوس لە ئەرزەروم لە اوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا كۆی كردونەتەوە...... م.ب.ڕۆدینكۆ بە هەمو وزە و توانایەوە دەستی كبە تاوتوی و شارەزابونی دەسنوسەكان.)) (موسایلیان: ٢٠٢٠: ٩) ئیدی دەست بە توێژینەوە لەبارەی ئەو دەستنوسانە دەكات. كارەكانی ئەم ڕۆژهەڵاتناسە زانستیانە ئەنجام دراون. خۆشبەختانە هێندێكیان كراوەنەتە كوردی و لەبەردەستی خوێنەری كورددا هەن. "ڕۆدینكۆ" لە توێژینەوەكانیدا پەنای بۆ مێتۆدی مێژویی بردوە. ئاشكرایە مێتۆدی مێژویی بۆ قسەكانی دێت بەڵگەی مێژویی دەهێنێتەوە، بەڵام ئەم ڕۆژهەڵاتناسە دێت لە ڕێی بەراوردكردنەوە ئەم كارە دەكات. كاری بەراورد هەوڵێكی مێژوییانەیە بۆ ئەوەی دو دەسنوس یەكلایی بكەینەوە. بەگوێرەی وتارەكەی "موسایلیان"، كە وەک پێشەكی بۆ كتێبی (وتارگەلی ئەدەبی كوردیی سەدەكانی ناوەڕاست و پاشكۆیەک)ی "ڕۆدینكۆ" نوسیویەتی، باسی ئەوە دەكات، كە ناوبراو ساغكردنەوەی دەسنوسی (یوسف و زلێخا) بوە. "ڕۆدینكۆ" توێژینەوەیەک بە ناوی (ڤێرژنە ئەدەبی و فۆلكلۆرییە كوردییەكانی پۆیەمای "یوسف و زلێخا") دەنوسێت. ئەو دو ڤێرژنی پۆیەماكەی لەبەر دەست دەبێت، یەكیان بە

ناوی سەلیمی سلێمان و ئەویتریان بە ناوی حاریسی بەدلیسی نوسراون. ڕۆژهەلاتناسەکەمان ئەوە دەسەلمێنێت، ئەو نوسخەیەی بەناوی "حاریسی بەدلیسی"یەوە نوسراوە، هی ئەو نییە. ((بەم شێوەیە، لە مێژوی ئەدەبی نوسراوی کوردیدا بەڵگەیەکی نوێ هاتەکایە، دیاردەیەکی تا ئەو کاتە نەزانراو- هەبونی بەیازی جیای هەمان بەرهەمی ئەدەبی. ئەرکی دەرخستنی ئەمەیش لەسەر بنەمای شیکاریی وردی تێکست بو لەلایەن م.ب.ڕۆدینکۆوە. دۆزینەوەی دەسنوسەکەی ئێرێڤان والآکردنەوەیەکی نوێی بایەخداری مارگریتا باریسۆڤنا بو، لەوەیە بایەخی لە دۆزینەوەی کۆمەڵە دەستنوسە کوردییەکە کە دەسپێکی ڕێگای زانستیی ئەو بو- کەمتر نەبێت.)) (موسایلیان: ٢٠٢٠: ١٣) ئەو دوای توێژینەوەی لە هەردو دەستنوسەکە بۆی دەرکەتوە هەمان دەسنوسن، بەڵام ئەوەی بە ناوی "حارسی بەدلیسی"یەوە نوسراوەتەوە دەسکاری کراوە و وشە فارسی و عەرەبییەکانی بە کوردی گۆڕدراون، ئەمەیش گومانی لە لا دروست دەکات، دوای گەڕان و کنەکردن، دەبیستێت دەسنوسێک لە ماڵی "عەلی عەبدولڕەحمان"ی نوسەر هەیە، دەچێت دەیهێنێت و توێژینەوەی لەبارەوە دەکات، بۆی دەردەکەوێت پارچە ناتەواوەکەی سەلیمی سلێمانە. "ڕۆدینکۆ" دێت ڕاستییە مێژوییەکان لەبارەی ئەو دەسنوسەوە لە مێژو وەردەگرێت. بەتایبەت ئەو سەردەمەی، کە دەسنوسەکەی تێدا نوسراوەتەوە، چونکە دەسنوسەکە گومانی لێ دەکرێت، چونکە هی سەدەی هەژدە بوە، سەدەی نۆزدە، سەدەی پاککردنەوەی زمانی کوردی بو لە وشەی بێگانە، بۆ نمونە لای حاجی قادر و چەندین شاعیری دیکە. دەبینین چۆن "ڕۆدینکۆ" بۆ مێژو گەڕاوەتەوە و بەڵگەی لەناو مێژودا هێناوەتەوە، لەو ڕێیەوە ئەوەی سەلماندوە ئەو دەسنوسە هی ئەو سەردەم نییە.

ژ.س.موسایلیان، کە پێشەکی بۆ کتێبی (وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک)ی "ڕۆدینکۆ" نوسیوە و دوای مردنی ناوبراو بڵاوی کردۆتەوە. ئاماژە بە کتێبێکی دیکەی ناوبراو دەکات بە ناوی (شیعری داب و نەریتی کوردی)، کە "ڕۆدینکۆ" نوسیویەتی و دوای مردنی بڵاوکراوەتەوە. ئاماژە بۆ کۆششی ناوبراو دەکات لە ساغکردنەوە تۆمارکردنی ئەو شیعرانە. ((م.ب.ڕۆدینکۆ ئۆکتۆبەری ١٩٧٢ توانی تێکستی شین و مردوانی کوردە ئێزدییەکانی ئەرمینیا و گورجستان و کوردە موسڵمانەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجان تۆمار بکات..... توێژەر توانیویەتی ١٢٩ نمونە (سێینە شیعر، چوارینە شیعر، پێنجینە شیعر) و پێنج سوژێتیی شیعری لاواندنەوەی مردو لە زاری دەنگبێژە کوردە ناسراوەکانی- وێنەی ئەحمەدی ئەسلان، بێدل تەیفور، زەیدێ ئۆسمان و کەسانی تر- تۆمار بکات.)) (موسایلیان: ٢٠٢٠: ١٥) دەبینین ڕۆژهەلاتناسەکەمان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مەیدانی توێژینەوە لەو شیعرانە بکات، خۆی سەردانی کوردانی کردوە و ڕاستەوخۆ لە زاری ئەوانەوە شیعرەکانی تۆمارکردون. ئیشکردنی لەم بارەیەوە، کۆمەڵێک شیعری لاواندنەوەی لەسەر زاران کۆکردۆتەوە و تۆماری کردون و هێناویەتیە ناو کوردناسییەوە. هەر بەوەیش نەوەستاوە لە ڕوی فۆرم و

ناوەڕۆکەوە توێژینەوەی وردی لەبارەوە کردون. بە هەمان شێوە زۆربەی هەوڵەکانی بۆ دەرخستنی لایەنی مێژوی دەقەکە بوە، بەم هۆیەوە ناوەڕۆکەکەی لێکداوەتەوە.

ئەگەر تەماشای زۆربەی کارەکانی "ڕۆدینکۆ" و زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکانی وەکو: یوسف ئوربیلی، موسایلیان، مینۆرسکی بکەین، ئەوا پتر پێڕەویان لە مێتۆدەکەی "هیبۆڵت تین" کردوە. هەرچەندە "مینۆرسکی" پتر کاری لەبارەی دەقی مێژوییەوە کردوە، بەلام قسەی ئێمە پتر لەبارەی چۆنیەتی ئیشکردنی مێتۆدیانەیە. ئاشکرایە مێتۆدەکەی "تین" پتر ئیشکردنە لەبارەی دەقەوە بە ڕەچاوکردنی سێ ڕەگەز. بە بڕوای ئەو سێ هۆکار کاریگەریان لەسەر نوسەر بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی هەیە، ئەوانیش: (( ڕەگەز، ژینگە و سەردەمن.)) (قطوس، ٢٠٠٦، ص٤٤) هۆکاری ڕەگەز هەمو ئەو سیفەتە بۆماوەییە هاوبەشانەی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە دەگرێتەوە. بۆ نمونە نوسەرێکی کورد لەگەڵ نوسەرێکی ئەڵمانی جوایەزە، چونکە نەتەوە و ڕەگەزیان جوایەزە. هەرچی هۆکاری دوەمە، کە ژینگەیە، لایەنی سروشت، سیاسەت و کۆمەلایەتی دەگرێتەوە. کۆمەڵێ خاسیەت و جوایەزی هەرێمی و ژینگەییە، کە کاریگەریان لەسەر بەرهەمی نوسەر هەیە. هۆکاری سێیەم، سەردەمە، هەمو ئەو بارودۆخە سیاسی و ڕۆشنبیریی و ئایینیانەی، کە کاریگەریان لەسەر دەق هەیە دەگرێتەوە. ئەم سێ هۆکارە کاریگەری تەواویان لەسەر نوسینی دەقی ئەدەبی هەیە. کەواتە ئەدەب لێرەدا وەکو سروشت وایە، هیچ یاسایەکی کەسی و تاکایەتی جێی نابێتەوە، بەڵکو نوسەران ملکەچن بۆ کۆمەڵێ یاسای گشتی. ئەم توێژەرە ڕۆژهەلاتناسانە پتر پێداگریان لەسەر هۆکاری ژینگەیی دەکردەوە. واتە ئەو ژینگەیەی دەقەکانی تێدا لە دایک بوە. واتە ژینگەی کوردستان و دابونەریتی کوردەواری ڕۆڵی لەسەر چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەقەکان هەبو. چونکە سروشت و فەزای ژینگەیی کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و جیهانبینی تاکی کوردی هەبوە. بۆ نمونە وەکو پێشتر باسمان کرد، "ڕۆدینکۆ" خۆی چۆتە ناو کوردە ئێزدییەکانی ئەرمینیا و گورجستان و کوردە موسڵمانەکانی ئەرمینا و ئازەربایجان لەو ژینگەیەی ئەو کوردانە تێیدا ژیاون ئەو دەقانەیان بەرهەم هێناوە. تەنانەت ئەو کتێبەی "ڕۆدینکۆ"، کە "ژ.س.موسایلیان" ئامادەی کردوە و "ئەنوەر قادر محەمەد" وەریگێڕاوە بۆ کوردی، ئاماژە بۆ ئەو ژینگەیە دەکات، کە شیعری شین و لاواندنەوەی تیدا بەرهەم هاتوە. تەنانەت ئاوڕی لە زۆر پرسی ئیتنۆگرافی ژیانی کوردەواری داوەتەوە. هەر لەم کتێبەدا "موسایلیان" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە "ڕۆدینکۆ" بۆ توێژینەوە لە دابونەریتی کوردەکانی تورکمێنیا، چۆتە سەر مەزاری کەسایەتییە موسڵمانەکان، بۆ ئەوەی شارەزایی لەبارەی چۆنیەتی سەردانیکردنی خەڵک بۆ ئەو مەزارانە پەیدا بکات. ئەم سەردانیکردنە دەبێتە هەوڵێک بۆ ئەوەی شارەزایی لە چۆنیەتی پەیدابونی ئەو دەقانە پەیدا بکات. بەمەیش دەیەوێ لە ڕێی توێژینەوە لەو ژینگەیەی دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتوە، سروشتی دەقەکەمان بۆ لێکبداتەوە. ئەو بە ئامانجی ئیشکردنێکی مێتۆدیانە ((دەستی بە کۆکردنەوەی کەلەپوری میللەتی کورد کرد، بۆ ئەم مەبەستانەش

سەردان و گەڕانێکی مەیدانی گەلی ناوچەی کوردی کۆمارەکانی پشت قەفقاز کردوە، گەلێ چیرۆک و حەکایەتی میللی و پەند و قسەی بڵاوی کوردی کۆ کردەوە، هەوڵێکی زۆر گەورەی لە وەرگێڕانی بۆ زمانی ڕوسی دا و وەرگێڕانەکانی بە جوانی و ئەمانەتی زانستی لە یەک کاتدا دەکرد.)) (هوشیار: ٢٠١٥: ٢٧)

## دووەم: میتۆدی کۆمەڵایەتی

ئاشکرایە پێوەندییەکی تەواو لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵدا هەیە، هەر لە یۆنانییە کۆنەکانەوە باسی پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ کراوە، بۆیەیش میتۆدێک، تیۆرییەک بۆ توێژینەوە و دەرخستنی پێوەندی نێوان ئەدەب و ژیانی کۆمەڵایەتی پەیدابوە. بە بڕوای تیۆریزانانی ئەم میتۆدە ئەدەب کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەیە و کۆمەڵیش هەمان شێوە کاریگەری لەسەر ئەدەب هەیە. هەر گۆڕینێکیش لە یەکێکیان ڕوبدات، ئەوا کاریگەری لەسەر ئەویتریان دەبێت. کەواتە میتۆدی کۆمەڵایەتی هەوڵێکە بۆ ((ڕاڤەکردنی ئەدەب و دیاردەی ئەدەبی لەو کۆمەڵانەی بەرهەمی دێنێت و پێشوازی لێ دەکات و بەکاری دەهێنێت.)) (برکات و غسان: ١٩٩٥: ١٣) کەواتە ڕەخنەگر، یان توێژەر دێت بۆ دەرهێنانی واتای دەقی ئەدەبی، یان لێکدانەوەی دیاردەیەکی ئەدەبی بۆ بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاکاری نوسەر دەگەڕێتەوە. ئەمەیش هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی دەرەوەی دەق. واتە ئەم میتۆدە ئەرکی ئەدەب بۆ لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دادەنێت. بۆیەیش نوسەرێکی وەکو" مەدام دی ستایل" لە ساڵی ١٨٠٠ کتێبێک بەناوی (ئەدەب لە پێوەندی بە سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە) بڵاودەکاتەوە. لەم کتێبەدا باسی ڕۆڵی ناسنامەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە داهێناندا دەکات. هاوکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بنەمای ئەدەب بریتییە لە گوزارشتکردن لە کۆمەڵ.

کاتێک ڕەخنەگرێک، یان توێژەرێک دێت توێژینەوە لە دەقی نوسەرێکی دیاری کراو دەکات، ناتوانێت پێوەندی ئەو نوسەرە لەگەڵ کۆی مرۆڤەکانی دەوروبەری، یان کۆمەڵەکەی ڕەچاو نەکات. هەروەکو "جۆرج لۆکاش" بڕوای وایە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکەی کۆمەڵە. لەم ڕوانگانەی سەرەوە دەتوانین توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکان بە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی هەژمار بکەین. بەوەی زۆربەیان لە توێژینەوەکانیاندا بۆ ژیانی نوسەرەکان گەڕاونەتەوە و لەوێوە دەسنوسەکانیان ساغکردۆتەوە. "م.ب.ڕودینکۆ" کاتێک دەسنوسی (عادات و ڕوساماتنامەی ئەکرادیە)ی "مەلا مەحمود بایەزیدی" ساغ دەکاتەوە و توێژینەوەی لەبارەوە دەکات، دەیەوێت دەقەکە لە ڕێی ژیانی نوسەرەوە لێکبداتەوە. لەم کتێبەدا، کە خۆشبەختانە لە لایەن "د.شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم"ەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە، لە ڕێی پێشەکییەکی وردەوە "ڕۆدینکۆ" باسی چۆنیەتی ساغکردنەوە و ئیشکردن لەو دەقەی "مەلا مەحمود" دەکات. هەر لە پێشەکییەکەدا بۆ ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی نوسەر دەگەڕێتەوە. ((مەلا مەحمودی بایەزید ماوەیەکی زۆر لە بایەزید بەرێوەبەری مەدرەسەی دینی (حوجرە) بوە، لەناو هاوچەرخەکانیدا وەک زانا و مامۆستایەکی ئایینی ناسرابو. بەرهەمەکانی

مەلا مەحمود بریتین لە گەلێ بەرهەمی جیاواز و خۆش و بەتام کە لە ناخی هوشیاریی و هەمو ڕوێکی ژیانەوە دەری هێناوە.)) (بایەزیدی: ٢٠١٥: ١٧) گەڕانەوە بۆ باری ڕۆشنبیریی نوسەر، هەولێکە بۆ ئەوەی بە خوێنەر بڵێت شارەزایی نوسەر لە ڕوی ڕۆشنبیرییەوە چۆنە. "مەلا مەحمود" مادام خاوەن حوجرەی تایبەت بە خۆی بێت و لەناو کۆمەڵی ئەو کاتدا بە زانایەکی پایەبڵند ناسرابێت، بێگومان شارەزاییەکی زۆری لە دابونەریت و شێوە ژیانی خەڵکی هەبوە. بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کاتی کۆمەڵی کوردەواری وابوە، پتر زانایانی ئایینی گوێیان لێ دەگیرا و پرسوڕایان پێدەکرا. بۆیەیش ئەو بەردەوام لەناو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، خۆشییەکانی خەڵکدا بوە. چونکە هەر گرفتێکی کۆمەڵایەتی ڕویدابێت ئەوا زانایانی ئایینی ئەو کات ڕۆڵێکی سەرەکییان لە چارەکردنی ئەو گرفتانە هەبوە. کەسێکی وەها ناودار و بە ناو بۆتە جێی سەرنجی "ژابا"ی کونسوڵی ڕوس، داوای لی دەکات لە کۆکردنەوەی دەسنوس کۆمەکی بکات. هاوکات دەڵێت: ((مەلا مەحمودی بایەزیدی یەکەم کەس بوە توانی مێژوی شەرەفەالدینی بەتلیس بە ناوی شەرەفنامە وەرگێڕێ و لە کۆتاییشدا وەک شارەزایەکی بەرزی ژیانی کوردەواری و نوسەری ئەتنۆگرافی هەمو لایەنێکی داب و نەریتی میللەتەکەی پیشان داوە و چاکیش لە دەستوری ئایینی و خوڕەوشتی کوردی زانییوە.)) (بایەزیدی: ٢٠١٥: ١٨) بەبێ باسکردنی ژیانی نوسەر، بەهای دەقەکە دەرناکەوێت، چونکە "ڕۆدینکۆ" ئەوە نیشان دەدات، ئاستی ڕۆشنبیریی و پێگەی کۆمەڵایەتی وایکردوە، نوسەر دەقێکی وەها بنوسێت، چونکە خۆی لە چینێک بوە، کە هەستی بە گرینگی و پاراستنی دابونەریت و کولتوری کوردی کردوە. لە ڕێی ئەم دەقە ئێمە شارەزای کۆی لایەنەکانی ژیانی کوردەواری دەبین. کەواتە ئەم دەقە، وەکو ئەدەب ڕەنگدانەوەی کولتوری کوردییە، دەرخەری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری کوردییە.

ڕۆژهەڵاتناسێکی وەکو "یڤگێنی ئیلینچنا ڤاسیلیێڤا" لە توێژینەوەیەکدا لەبارەی مەستورەی ئەردەڵانی، پەنا بۆ مێتۆدی کۆمەڵایەتی دەبات. ئەویش لە ڕێی باسکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی مەستورە. بە وردی باسی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی میرنشینی ئەردەڵان و فەزای پەروەردەیی مەستورە دەکات. تەنانەت بەڵگە بۆ قسەکانی لە چەندین سەرچاوەی مێژویی دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی بۆچونەکانی بسەلمێنێت. لەبارەی فەزای سیاسی و شێوازی حوکمڕانی ئەردەڵانییەکان دەڵێت: ((لە کاتی لە دایک بونی مەستورە و دە ساڵی سەرەتای ژیانیدا، ئەمارەتی ئەردەڵان و سەرۆکەکەی، لە گەشەسەندنی خێرای ڕوداوەکانی کوردستانی خۆرهەڵات و خواروودا، کە بوبوە مەڵبەندی خەباتی ئازادیخوازیی کوردان دەورێکی دیاریان بینیوە.)) (محەمەد: ٢٠٠٨: ٤٢) بەهێزی ئەم میرنشینە و سەرۆکەکەی کاریگەریان لەسەر شێوەگرتنی بیرکردنەوەی مەستورە هەبوە. لەم ڕێیەوە دەزانین کەسایەتی مەستورە چۆن دروست دەبێت. هاوکات بنەماڵەکەیشی لەناو ئەردەڵانەکاندا، بنەماڵەیەکی بەهێز و دیار و ناودار بونە. لەلایەکی دیکەوە باسی باوکی مەستورە دەکات، کە کەسێک بوە زۆر حەزی بە زانست و زانیاری کردوە. ئەویش بە هێنانەوەی بەڵگە لە خودی نوسینەکانی مەستورەدا. ((ئەبولحسەن بەگی باوکی مەستورە ئازایەتی و بوێری لە خێزانە جەنگاوەرەکەیەوە بۆ ماوەتەوە. وەک دەردەکەوێ، زیاتر

حەزی لە زانست کردوە تا کاروباری جەنگی. مەستورە باسی ئەوە دەکات، چۆن بە پەرۆشەوە خەریکی پەروەردەکردنی منداڵەکانی بوەو لەناو هەموشیاندا بایەخ و نازێکی زۆری بە ماە شەرەفخانم داوە.)) (محەمەد: ٢٠٠٨: ٤٥) ئەم فەزا کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە، کاریگەری لەسەر دروستبونی کەسایەتی مەستورە هەبوە. پەروەردەی باوکی وای کردوە، ئەو بە شێوەیەکی جیاواز لە ژنانی ناوچە و میرنشینییەکەی دروست بێت. وەکو لە سەرچاوەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ژنان لەناو بنەماڵە گەورە و خانەدانەکاندا بە شێوەیەک پەروەردەکران، بایەخ بە درومان، ئەسپسواری و گۆرانی میللی بدەن، بابەتی خوێندەواری و شیعرنوسین لە دوا پلە دەهات. ئەم فەزا پەروەردەییە وای کردوە مەستورە خۆی بیر لەوە بکاتەوە مێژوی ئەردەڵان بنوسێتەوە. هاوکات ئەم ئازادییە وای کردوە شیعر بنوسێت و بابەتی شیعرەکانیشی خۆشەویستی بێت. تەنانەت کاتی ڕوخانی میرنشینی ئەردەڵانییەکان و هەڵاتنی مەستورە بۆ شاری سلێمانی، ڕەنگدانەوەی لەناو شیعرەکانیدا هەبوە. کەواتە "ڤاسیلێیڤا" ئەوەی سەلماند ئەدەب و نوسینەکانی مەستورە، ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی، واتە مەستورە مێژو و شیعرەکانی بە کاریگەری ڕوداوەکانی ژیانی خۆی نوسیونی. بۆ نمونە کاتێک خانمی یەکەمی میرنشین بوە، شیعرەکانی باسی جوانی و خۆشەویستی دەکەن، بەڵام دواتر، کە میرنشین دەڕوخێت، بابەتی شیعرەکانی دەگۆڕێن.

توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسە ڕوسەکان بەتایبەت ئەوانەی دواتر لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی لینینگراد وەک مامۆستا هەم وانەیان دەگوتەوە و هەمیش لە بواری کوردناسیدا کاریان دەکرد، بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەقە فۆلکلۆری و نوسراوەکان پەنایان بۆ مێژو و لایەنی کۆمەڵایەتی شاعیرەکان دەبرد. تەنانەت کاتێک دەچون دەقەکانیان کۆ دەکردەوە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەبوە زەمینەیەکی باش بۆ ئەوەی لایەنی کولتوری و دابونەریتی و ئایینی کۆمەڵی کوردی ڕاڤە بکەن. تەنانەت لە لێکدانەوەی شیعری شاعیرەکانیش بە هەمان شێوە بەردەوام لەناو مێژوی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی کوردەواری بە دوای بەڵگەی سەلمێندراودا دەگەڕان.

## ئەنجامەکان

١. ڕۆژهەڵاتناسی، قوتابخانەیەکی فیکرییە خاوەن تایبەتمەندێتی و پاڵنەر و مەبەستی تایبەت بە خۆیەتی.

٢. بۆ زاڵبون و داگیرکردنی کۆمەڵی کوردی لە ڕوی سیاسی و ئایینی و ئابورییەوە، ڕۆژهەڵاتناسەکان پێویستیان بە ناسینی کورد هەبوە، یەکێک لە ڕێیەکانی ناسینیش توێژینەوە لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی بوە. بۆیە جێی بایەخیان بوە.

٣. لەو توێژینەوانەی ئێمە خوێندومانەوە، ئەوا پەنایان بۆ دو مێتۆد بردوە بۆ کاردن، ئەوانیش مێتۆدی مێژویی و کۆمەڵایەتیین.

٤. بەبێ زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژوی نەتوانراوە توێژینەوە لە دەقە کوردییەکان بکەن، لەو ڕێیەشەوە هەوڵی ناسینی کۆمەڵی کوردییان داوە.

٦. بۆ ئەوەی واتای تێکستەکان دەرخەن، لە زۆر باردا گەڕاونەتەوە بۆ باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی نوسەرەکان. بەمەیش پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵیان سەلماند.

# The Method of Russian Orientalists for Research in Kurdish Literature

**Mohammed Ahmed Hasan**

Kurdish Language Department, College of Education-Shaqlawa, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

Our research entitled (The Method of Russian Orientalists for Research in Kurdish Literature) is an attempt to study the critical method they have followed for research in Kurdish literature. In this study we want to answer several questions: What was the research method of these orientalists for Kurdish literature? What are the scientific values of research methods? What is the significance of these studies for the history of Kurdish literature? Our study consists of two main parts. The first part, entitled Origin and History of Orientalism, consists of three topics. First topic; what is orientalism? It is an attempt to interpret the terms and concepts of Orientalism. The second topic is entitled History and Development of Orientalism. In this section we have interpreted the history of orientalism emergence. This section is a theoretical section. The second part is called the Method of Russian Orientalists. It consists of two topics. The first topic is the identification of the research methods of Russian orientalists, and the second topic is the scientific value of these methods. This practical section exemplifies the research of orientalists such as Abkarovich Urbili, E. A. Smirnova, Zare Osb, E. Yi Vasilyeva, M. S. Lazarev, M. B. Rodinko, and Alexander Zhaba. Finally, the results of our research are defined in several points, with a list of sources according to the Harvard system

**Keywords:** Method, Orientalism, The historical method Kurdish Literature

## سەرچاوەکان

بایەزیدی، مەلا مەحمود: ٢٠١٥: عادات و ڕسوماتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کوردی): پێشەکی و وەرگێڕانی بۆ ڕوسی: م.م.رودینکۆ: وەرگێڕانی لە ڕوسییەوە: پ.د.شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم: ناوەندی مێژویی جەمیل ڕۆژبەیانی: چاپی دوەم: سلێمانی.

پیربال، د.فەرهاد: ٢٠٠٦: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە: دەزگای ئاراس: هەولێر.

سەعید، ئێدوارد: ٢٠١٨: ڕۆژهەڵاتناسی، وەرگێڕانی لە فرانسییەوە: د.موحسین ئەحمەد عومەر، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، هەولێر.

قطوس، د.بەسام: ٢٠١١: دەروازەیەک بۆ مێتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ: و:محەمەد تاتانی: خانەی وەرگێڕان: سلێمانی.

محەمەد، ئەنوەر قادر: ٢٠٠٨: چەند وتارێکی کوردناسی: وەرگێڕان: بنکەی ژین: چاپی سێیەم: سلێمانی.

مەنتک، حەمە: ٢٠١٨: مێتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی (ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕوی تیۆرییەوە): کتێبخانەی تەفسیر: هەولێر.

هوشیار، جەودەت: ٢٠١٥: گەنجینەکانی کەلەپوری کوردی لە خەزێنەکانی پترسبورگدا: وەرگێڕانی: پ.د.شوکرییە ڕەسوڵ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات: هەولێر.

گۆڤار و پێگەی ئینتەرنێت:

ئەرشەدی، ئەسعەد: ٢٠١٩: مێژوی کورد و کوردستان لە توێژینەوەی زانایانی ڕوسدا: سایتی پەیسەر: https://www.peyserpress.com/detail/3811

زەقوق، د.مەحمود: ٢٠٠٨: لە ڕوبەڕوبونەوەی ڕۆژهەڵاتناسیدا: وەرگێڕانی: سەلام عەبدولکەریم: گۆڤاری کۆچ: ژمارە: ٧ و٨.

مارف، دیاری خالیف: ٢٠١٩: سەرەتایەک لەبارەی چەمک و مێژوی ڕۆژهەڵاتناسییەوە: سایتی کولتورمەگەزین: http://cultureproject.org.uk/kurdish

برکات و غسان، وائل و والسید: ١٩٩٥: مقدمه فی المناهج النقدیه للتحلیل الادبی: لانا، دمشق.

الحاج، ساسی سالم: ٢٠٠٣: الظاهره الاستشراقیه: دار المدار الاسلامیه: الجزء الاول.

سعید، ادوارد: ٢٠٠٥: الاستشراق –المعرفه، السلطه، الانشاء: تر: کمال ابو دیب: ط٧: موسسه الابحاث العربیه: لبنان.

سمایلۆفتش، احمد: ١٩٨٠: فلسفه الاستشراق واثرها فی الادب العربی المعاصر: دار المعارف.

عبدالکریم، ابراهیم: ١٩٩٢: الاستشراق و ابحاثالصراع لدی اسرائیل: دار الجلیل: عمان.

العطاوی، عبدالرحمن: ٢٠٠٢: الاستشراق الروسی: المرکز الثقافی العربی: لبنان.

الغمری، مکارم: ١٩٩١ موثرات عربیه والاسلامیه فی ادب الروسی: سلسله عالم المعرفه: الکویت.

محمد، اسماعیل علی: ١٩٩٨: الاستشراق بین الحقیقه والتضلیل (مدخل علمی لدراسه الاستشراق): الکلمه للنشر.

الدغستانی، شفیعه: ١٩٩٠: المستشرقه الالمانیه انا ماری شیل: مجله الاستشراق: عدد:٤: شباط ١٩٩٠.

Le Robert: 1992: Dictionnaire historique de la langu francaise octolire.